یانەی زاخۆ گرەبەستی لەگەڵ یاریزانەکی هەبژاردەی عێراق واژووکرد

عەممار فەرهاد سەرۆکی یانەی زاخۆ ڕۆژی هەینی (1ـی ئەیلولی 2023)، پشتڕاستی کردەوە کە یانەکە گرەبەستێکی لەگەڵ یاریزانی عێراقی ئەمجەد عەتوان واژووکرد بە ماوەی یەک وەرز بە ئەوەی ببێتە یەکێک لە یاریزانەکانی یانەی زاخۆ لە وەرزی داهاتوودا لە خولی پێشبڕکێی عێراقدا.

فەرهاد بە میدیاکانی ڕاگەیاند، کە ئەمجەد عەتوان دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی لەگەڵ هەبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی نەودەوڵەتی پاشای تایلەند دەچێتە ڕیزی یانەکە بەپێی ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا، ئاماژەی بەوەشکردووە، بەڵەوبەرایەتی یانەکە و ستافی ڕاهێنەر سووربوون لەسەر واژەکردنی یاریزان ئەمجەد عەتوان وەک یاریزانێکی کاریگەر و لە وەرزی داهاتوودا دەبێتە خاڵێکی باش بە یانەکە.

وتیشی: یانەی زاخۆ پێشتر بە بڕی 650 ملیۆن دینار لەگەڵ ئەمجەد عەتوان ڕێککەوت و ڕۆژی هەینی گرەبەستیان تەواو کرد و یاریزانەکە پێشکێش بە میدیاکان کرا.